### ئەو ساتانەی ناسڕێنەوە

# (ڕووەو چیا، بەرەو شۆڕش)
# (٨)

**ئەحمەد سالار**
مانگانە بۆ گوڵان دەینووسێت



دەمەو نیوەڕۆ گەیشتینە سەر مەرزی سنووری (حاجی ئۆمەران) و پاش ماوەیەك لە (ئازادی) دابەزین، كە بارەگای ئەمانەتی گشتی ڕۆشنبیری بوو، بەو ماوە كەمە كورد واتەنی (بەر و ماڵ ڕێكخرا بوو) بەرپرسانی خۆمان بینی و گەلێك دڵخۆش بووین، كارێكی زۆریان بۆ كردبووین، مایەی شانازییە لە شۆڕشێكی لێوانلێوی خوێن و ئاگر، بەو ڕادەیە بیر لە سەرجەم بوارەكانی ڕۆشنبیری كرابوویەوە. لە یەكێ لەو دانیشتنانەدا، باس لە شانۆی گەڕۆكی شۆڕشگێڕییەوە كراو، بڕیاردرا داوا لە ئەندازیاری هونەرمەند كاك (كەمال حاجی عەبدوڵڵا) بكرێت بۆ نەخشەكێشانی ئەو شانۆ گەڕۆكە. هێندەی نەبرد و كاك (كەمال) پەیدا بوو، باسی سووك بەكارهێنان و ئاسان گواستنەوە و ئەركی ئەو شانۆیەم كرد، كە تەنها شانۆیی لەسەر نانوێنرێ، بەڵكو فرە ئەرك ئەبێ، هەروەها شانۆیەكی تەواوەتی بێ، واتە ئەلەكتریك و چادری هەبێ و ئەوەندە مەتر دووجا بەوەندە بێ و بەرزاییەكەی هێندە بێ....

كاك (كەمال) چونكە ئەزموونداری و هونەرمەندێكی بە سەلیقە بوو، دەسبەجێ مەبەستەكانی پێكا و كەوتە نەخشەسازی. بۆ ڕۆژی دوایی بە ئامادەبوونی مامۆستای هونەرمەند (ئەنوەر توفی) كە لە ڕابەرانی شانۆ و شێوەكاری شاری سلێمانی بوو، ئارەزوویەكی بێ هاوتای سینەمای هەبوو، لەگەڵ هونەرمەندی سینەماكار (زوهێر عەبدولمەسیح) و هونەرمەند (نەوزاد مەجید) و فۆتۆگرافەری باڵا (نوری

حەمە ساڵح) ناسراو بە (نوری هونەر) باس لە پێکهێنانی یەکەی سینەمای شۆڕشگێڕی کوردستان کرا و ماموستا ( ئەنوەر توفی ) راسپێردرا بۆ کڕینی ئەم جۆرە کامێرە (١٦ ملم)ییەی ئەمانویست لە تەك کەلوپەلە تەواوکارەکانی بەتایبەتی فیلمی خاو، هەروەها منیش راسپێردرام بە نووسینی سیناریۆ و چیرۆکی فیلمەکە، کە پاشان ناوم نا (بەرەو خۆر). فیلمێکی ریالیزمی دیکیۆمێنتی شۆڕشگێڕی بوو، ناوەڕۆکەکەی پەیوەست بوو بە رەوایی سەندنی مافەکانی گەلی کورد.

وادەی دەستپێکردنی پڕۆژەکان دیاری کرا و هەندێ خاڵیان بۆ دەستنیشانکردین، بۆ ئەم مەبەستانە چەند رۆژێ ماینەوە، سەبارەت بە ئەنجامدانی فیلمەکە بڕیار درا هونەرمەند (زوهێر عەبدولمەسیح) دەرهێنەر بێ و ئەکتەرەکانیش ئەندامانی گرووپی شانۆ و سینەمای شۆڕش بن و بە بەشداری هەزاران پێشمەرگەی شۆڕش، لە هەمان کاتدا بەڵگەیەکی رێگەپێدانی وێنەگرتن لە گشت بەرەکانی جەنگ و شوێنەکانی شۆڕش لەلایەن مەکتەبی سیاسی پارتی دیموکراتی کوردستان بۆم ئامادە کرا.

ئەو فیلمە لە مێژووی هونەری سینەمای کوردیدا بە یەکەم فیلمی سینەمایی کوردی و یەکەم هەنگاوی درووستبوونی سینەمای شۆڕشگێڕی کوردی دادەنرێ و بەر لەو دەمە هیچ بەرهەمێکی سینەمایی نەبوو کە بە زمانی کوردی و باس لە کێشەی سەرەکی کورد بکات، ئەمەش شانازییە بۆ شۆڕشی مەزنی ئەیلوول.

لێرەدا رەوایە و شوێنی خۆیەتی، هەموومان شانازی بەو شۆڕشەوە بکەین، کە نەك تەنها لەسەر ئاستی شۆڕشەکانی کورد، بەڵکو لەسەر ئاستی گەلانی دیکەش، بەر لە ئێمە هیچ کام شۆڕشێك نە یەکەی سینەمای شۆڕشگێڕی و نە خاوەنی یەکەی شانۆ و شانۆی گەڕۆك نەبوون.

ئەمەش هەر بۆ زانینی ئەوانەی کورد واتەنی: (گڵی دوور دەرمانە) کە زادەی دەردی خۆ بەکەم زانینەوەیە. لەو رۆژانەدا بەردەوام خولیایەکی پەسەند و پیرۆزم لەوە ئەکردەوە، هونەر و هونەرمەند چی لە توانای و لە باردا هەیە بۆ شۆڕشی گەلەکەی بکات و لە هەمان کاتدا شۆڕش چی بۆ هونەر و هونەرمەند ئەکات و چ کاریگەرێتی لەسەر ئەبێ؟ لە گوێمدا وشەکانی سینەماکاری هەرەمەزنی سۆڤیەت (سێرگی ئیزنشتین) دەنگی ئەدایەوە، کە لە کتێبە گرنگەکەیدا (لە شۆڕشەوە بۆ هونەر و لە هونەرەوە بۆ شۆڕش) کە لە خودی خۆی ئەپرسی و هەر خۆشی پشتئەستوور بە شۆڕشەکەی وەرامی خۆی ئەداتەوە:

(ئەگەر شۆڕش رابەرایەتی هونەری کردبم، ئەوا هونەر لە بۆتەی شۆڕشدا ئاوێتەی کردووم، شۆڕش قووڵ و خەستی کردوومەتەوە، لە شۆڕشەکانی رابردوو و مێژووی پارتەکەمدا قاڵی کردم، ئەو ئایدیۆلۆجییەتەی، کە بەبێ ئەو مەحاڵە هونەری گەورە بنوێندرێ... شۆڕش پڕی کردم بەو بیرەی لە پێناوی هونەردایە. ئەو هونەرە باڵایەی بە زمانی گەلەوە ئەدوێ.. بۆیە قەرداری شۆڕشم و منیش هونەرەکەم و ژیانم خەڵاتی نیشتمانەکەم ئەکەم).

کەواتە شۆڕشی ئەیلوول مەزنترین قوتابخانەی هونەرمەندان بوو، بۆ بەرچاو روونکردنیان بۆ لە ئاسۆکانی ئایندە روانین و پشتئەستووربوون بە تواناکانیان بۆ کاری گۆڕانکاری و بەرەنگاربوونەوە.

بە دڵنیاییەوە ئەڵێم: هونەرمەند و شۆڕش لە ئاستی ئاکام و مەبەستدا یەکانگیر ئەبنەوە، بەو پێیەی هوشیاریی بەرامبەر ناتەبایی و نادادی و لەنگی دروستکەری بەرپابوونی شۆڕشن، هەر لە منداڵدانی شۆڕشەوە، شۆڕش، شۆڕشێکی رۆشنبیری لەدایك ئەبێ. گۆڕان و سەرهەڵدانی بیروبۆچوون و پەیوەندی نوێ. پاش قاڵبوونی هونەرمەند لە ئەزموونی شۆڕشدا، بێگومان خەرمانەی شکۆمەندی ئەبێتە تاجی سەری هونەرەکەی، ئەمەش بە هۆی:

یەکەم: پشتئەستووربوون بە بیروباوەڕی شۆڕش، ئەیپارێزێ لە دڵەڕاوکێ و رارایی، ئەمەش ئەبێتە مایەی رەخساندنی زەمینەی لە باری بونیادنان و داهێنان.

دووەم: شۆڕش هونەرمەندی خۆی گۆش ئەکات و ئەیکاتە سومبل و هێمای سەردەمێکی رۆشن لە مێژووی گەلەکەیدا.

سێیەم: بە حوکمی شۆڕش لە بازنە و وچارچێوەی کێشە سەرەکی و گەورەکەی گەلدا کار ئەکەن و کۆگرن لە بەرهەمەکانیاندا.

چوارەم: شۆڕش مەزنترین بەربەستە لەبەردەم هەڵدێران و کەساسی و گۆشەگیری و تەریکی و بێهودەیی.

پێنجەم: شۆڕش ئەرکی مێژوویی گەورە بە هونەرمەندەکەی ئەسپێرێ، بۆیە لە گەرمەی شۆڕشدا دەگاتە هەرەت و ترۆپکی داهێنان.

کەواتە ئەم گشت پەیوەندییە توندوتۆڵییەی نێوان شۆڕش و هونەرمەند، پێگەیەکی بەهێزتر لە گشت روویەکەوە بە هونەرمەند و هونەرەکەی ئەبەخشێ.

پاش تەواوکردنی ئەرکەکانمان، بڕیاری گەڕانەوەمان دا بۆ بنکەکەمان لە پێنجوێن، بەڵام وتمان با وچانێکی دوو سێ رۆژی لە مەهاباد بدەین.

**بڕیار درا هونەرمەند (زوهێر عەبدولمەسیح) دەرهێنەر بێ و ئەکتەرەکانیش ئەندامانی گرووپی شانۆ و سینەمای شۆڕش بن و بە بەشداری هەزاران پێشمەرگەی شۆڕش، لە هەمان کاتدا بەڵگەیەکی رێگەپێدانی وێنەگرتن لە گشت بەرەکانی جەنگ و شوێنەکانی شۆڕش لەلایەن مەکتەبی سیاسی پارتی دیموکراتی کوردستان بۆم ئامادە کرا**



# نازێ عەزیزی:

# جاران خەڵک بە سروودەکان شەڕیان دەکرد، ئێستاش کەس نایڵێتەوە

**ماوەیەکە خانمە هونەرمەند نازێ عەزیزی سەرقاڵی ئامادەکردنی بەرهەمێکی نوێیە کە سەرجەم گۆرانییەکانی بە زمانی فارسین، هەروەها بە نیازە کلیپێك بۆ شنگال و کۆبانێ لەگەڵ هونەرمەندێکی گەورەی ئێرانی تۆمار بکات، بۆ باسکردنی ئەم بابەتانە بە پێویستمان زانی ئەم دیمانەیەی لەگەڵ ساز بکەین.**

*** زۆربەی هونەرمەندان بەم دواییە سروود و گۆرانییان بۆ پشتیوانیکردن لە پێشمەرگە بڵاوکردەوە، نازێ بۆ پشتیوانیکردن لە پێشمەرگە چی کردووە؟**

- راستە بەشێك لە هونەرمەندان سروودیان بۆ پێشمەرگە گوت و زۆریشیان نەیانگوت، بەڵام زۆربەشیان تەنیا بۆ بەرژەوەندی خۆیان و ناوبانگ دەرخستنی زیاتر سروودیان گوت، یان نوێیان کردەوە، نەك بۆ پێشمەرگە، ئەمەش وای لە من کرد کە نەیڵێم، چونکە بە حوکمی ئەوەی لە نێو خەڵکدا بووم ئەم قسانەم لێیان دەبیست و دەیانگوت لە جیاتی ئەوەی بێن گۆرانییەك، یان سروودێك بڵێن کارێکی دیکە بۆ پێشمەرگە بکەن باشترە، بۆ نموونە کۆنسێرتێك ساز بکەن، یاخود کومەکێکیان بۆ کۆبکەنەوە، منیش ئەمەیانم پێ باشتر بوو لە وتنی سروودێك یان گۆرانییەك.

*** کەواتە تۆ پێتوایە وەك پێویست جەماوەر پێشوازیی لەم سروودانە نەکردووە؟**

- ئەوەی من تێبینیم کردووە ئەوەیە کە زۆربەی ئەوانەی سروودیان وتووە لەم ماوەیە، تەنیا مەبەستیان ناوبانگ پەیداکردنی زیاتر بووە.

*** هەندێك لە هونەرمەندان پێشتر کە سروودیان دەوت، ژمارەیەکی دیکەیان سروودیان پێ باش نەبوو، کەچی ئێستا خۆیان دەستیان کردووە بە سروود وتن، یان دووبارەکردنەوەی، چی بەو ئەم هونەرمەندانە دەڵێی؟**

- من کاتێك لە رۆژهەڵاتی کوردستان بووم کە ژێردەستە و ئازاد نییە بە هۆی هەستی نەتەوایەتی و دوورەوڵاتی سروودم وتووە، بەڵام دوای ئەوەی هاتینە باشوور کە ئازادە، زۆر زۆر بەداخەوە بینیمان کە زۆر کەس قەدری ئەو ئازادییە و دەستکەوتەکانی نازانن، بۆ نموونە دەیانوت ئیدی تەواو جارێکی دیکە لە کوردستان شەڕ رووناداتەوە، بەڵام ئێستا خۆمان بارودۆخەکە دەبینین و دەزانین بەردەوام کوردستان رووبەرووی شەڕ و گێچەڵی حکومەتی بەغدا و هەڕەشەی دیکەیش دەبێتەوە، سەبارەت بە سروودیش من هەست دەکەم بەو شێوەیەی کە پێشبینییان کردووە لەلایەن خەڵکەوە پێشوازیی لێنەکراوە، بۆ نموونە زۆربەی خەڵك سروودەکانیان لەبەر نەکردووە، بەڵام پێشتر وانەبوو، هەموومان دەزانین کە پێشتر هونەرمەندان سروودیان وتووە و خەڵك شەڕی بەو سروودانە کردووە، من منداڵ بووم لە بیرمە کە خەڵك بە دەنگی محەمەد جەزا و شڤان پەروەر و ناسر رەزازی و میکایل شەڕی کردووە، بەڵام ئێستا وا نییە، باوەڕناکەم پێشمەرگە سروودەکانی ئێستایان لەبەر بێت و بزانن بیلێنەوە، چونکە سروودەکان کاریگەرییان نییە و بە دڵ ناکرێ، بۆ نموونە دەچن لە بەرەکانی جەنگ چەند گرتەیەك تۆمار دەکەن و دەیکەنە ڤیدیۆ، نازانم بۆچی ناچن پارەی ئەم کلیپە پێشکەش بە پێشمەرگە و خانەوادەکانیان بکەن، یان بچن سەردانی خانەوادەی شەهیدەکان بکەن و سەرەخۆشییان لێبکەن، من وەکو نازێ لەم کارانە رازی نیم.

*** جیاوازی چییە لە نێوان ئەو سروودانەی کە پێشتر لە سەردەمی شەڕی ئازادکردنی کوردستان بەو ئیمکانیاتە بچووکانەوە دەوترا لەگەڵ ئەو سروودانەی ئێستا دەوترێن؟**

- پێشتر سروودەکان بە دڵ و تەنیا بۆ کوردستان دەکرا و گوزارشتی لە حەز و ئاواتی و هیواکانی میللەت دەکرد، بەڵام ئێستا تەواو پێچەوانەیە.

*** ماوەیەك سەرقاڵی بڵاوکردنەوەی بەرهەمێکی فارسی بووی، ئێستا کارەکانی ئەم بەرهەمەت بە کوێ گەیشتوون؟**

- من زیاتر لە دوو ساڵە سەرقاڵی ئەم بەرهەمە فارسییەم، خەڵکێکی زۆر داوایان لێکردم بە فارسی گۆرانی بڵێم، منیش پێموابوو وەکو کچە کوردێك تا بە زمانی دیکەی غەیرە کوردی گۆرانی بڵێین، دەتوانین کاری زیاتر بکەین، من خۆم وەك نوێنەرێك دەبینم، چونکە کچە کوردێکم بە زمانی فارسی گۆرانی دەڵێم بۆ ئەوەی لە نێو فارسیش وەك کوردێك بناسرێم.

*** لەو گۆرانییە فارسییانە ئایا هیچیان گوزارشتیان لە کورد کردووە، یاخود پێوەندی بە کوردەوە هەبووە؟**

- گۆرانییە فارسییەکانی من زۆربەیان گۆرانی ئەڤیندارین، بەڵام لە رێگەی جلوبەرگی کوردی، یان لە رێگای پەیجەکەمەوە دەزانن کە من کچە کوردێکم بە زمانی فارسی گۆرانی دەڵێم، سەرکەوتنم لە گۆرانیی فارسیدا بە دەستکەوتێکی دەزانم بۆ کاروانی هونەری خۆم.

*** گۆرانییەکانت بە کوردی سەرکەوتوو بوون، ئایا چاوەڕێ دەکەی لە زمانی فارسیشدا بەم شێوەیە سەرکەوتوو بی و هەمان دەنگ و سەدایان هەبێت؟**

- بەڵێ من پێموایە گۆرانییە فارسییەکانیشم دەنگ و سەدای خۆیان دەبێت، چونکە ئێستا وەکو گۆرانیبێژ چەندین بەرنامەیان لەسەر گۆرانییەکانی من ئامادە کردووە، لە زۆر شوێنیش داوەت کراوم لەلایەن میدیا فارسییەکانەوە، ئێستاش چاوەڕێی کلیپی تازەی منن بە زمانی فارسی، هەروەها لە چەندین سایتی فارسی بینەرانی گۆرانییەکانی من لە زۆر هونەرمەندی فارسیش زیاترن.

*** لە فارسەکان ئەوانەی یارمەتییان دای وەك تێکست و ئاواز زیاتر کێن؟**

- رەنگە ئەو هونەرمەندانە لە کوردستان زۆر ناسراو نەبن، بەڵام لەگەڵ ئۆرکێسترای زۆر باشی ئێرانی کارم کردووە.

*** ئەی کارەکانی ئەم گۆرانییانەت لە کوێ کردووە؟**

- زۆربەی کارەکانم لە ئەمریکا و تاران ئەنجامداوە، رەنگە کلیپەکانیش لە کوردستان تۆمار بکەم.

*** ئێستا کوردستان بە بارودۆخێکی سەخت و ناخۆشدا تێدەپەڕێت، چاوەڕێی ئەوە ناکەی پێشوازی جەماوەری کورد لە گۆرانییەکانت پێچەوانە بێتەوە کە دەبینن کچە کوردێکی خانەوادەیەکی شۆڕشگێڕ لەو کاتەدا بە زمانی فارسی گۆرانی بڵێ؟**

- بێگومان رەنگە کارێکی وا رووبدات، بەڵام سپۆنسەرەکانم خەڵکی ئێرەن و دیارە شتێکیان بینیوە و پێیانخۆشە کچێکی کورد سەرکەوتوو بێت و بەردەوام بێت لە گۆرانی وتن و کاری هونەری خۆیدا.

*** بیرت لەوە نەکردۆتەوە دیۆیەك لەگەڵ هونەرمەندێکی فارس بڵێی بە هەردوو زمانی کوردی و فارسی؟**

- من ئێستا بەرنامەم هەیە بۆ ئەم کارە و چەند پێشنیارێکم پێشکەش کراوە لەگەڵ چەند هونەرمەندێکی زۆر باش، بەڵام چاوەڕێی هەبوونی سپۆنسەرێك دەکەین.

*** ئەو هونەرمەندانە لە چ ئاستێکدان؟**

- یەکیان (موعینی ئەسفەهانی)یە کە پێویست بە ناساندنی ناکات و لە هەموو لایەك ناسراوە، ئەوی دیکەشیان هونەرمەند عارفە.

*** گۆرانی ئەڤیندارییە؟**

- نەخێر، گۆرانییەکە بۆ کوردستانە بۆ شنگال و کۆبانێ و بڕیار وایە ئەوان بە فارسی و منیش بە کوردی بیلێم، ئێستا موزیکەکەی تەواو بووە و وەك وتم چاوڕێی بوونی سپۆنسەرێکین بۆ ئەوەی دەستی پێبکەین.

*** هیچت بۆ ئافرەتانی شنگال کردووە؟**

- زۆر بەداخەوە بۆ ئەو کارەساتەی لە شنگال روویدا، هیوادارم بتوانم کارێکی هونەری پێشکەش بەو ئافرەتانە بکەم کە لە ئاست گەورەیی کارەساتەکە بێت، من هەمیشە هەوڵ دەدەم کە ببمە هاواری ئافرەتانی کورد و میللەتی کورد لە رێگەی هونەرەوە.

*** ئەندازیاری کشتوکاڵی و ئەمە چ پێوەندییەکی بە کاری هونەرییەتەوە هەیە؟**

- نەخێر ئەندازیاریی کشتوکاڵی هیچ پێوەندییەکی بە کاری هونەرییەوە نەبووە، بەڵام ئەمە کار و پسپۆڕی خۆمە، ئەگەرچی ماوەیەکە لەم بوارە دوورکەوتوومەتەوە و کاتی خۆم بۆ کارە هونەرییەکان تەرخان کردووە.

*** بەڵام پەیداکردنی بژێوی ژیان بۆ هونەرمەندێکی ئافرەت لە رێگەی هونەرەوە کارێکی زەحمەت نییە؟**

- من هیچ کاتێك بۆ پەیداکردنی بژێوی ژیان پشتم بە کاری هونەری خۆمەوە نەبەستووە.

*** نەبوونی سپۆنسەر کارێکی زەحمەتە، چۆن دەتوانین ئەم گرفتە چارەسەر بکەین؟**

- کۆمپانیا هونەری زۆرمان هەیە، بەڵام کار تەنیا بۆ هەندێك کەس دەکەن بەتایبەتی ئەو ئافرەتانەی پشت بە لەش و لاری خۆیان دەبەستن، منیش بۆ گۆرانییە کوردییەکان سپۆنسەرم نییە، بەڵام بۆ کاری فارسی سپۆنسەرم هەیە.

**پێشتر سروودەکان بە دڵ و تەنیا بۆ کوردستان دەکرا و گوزارشتی لە حەز و ئاواتی و هیواکانی میللەت دەکرد، بەڵام ئێستا تەواو پێچەوانەیە**

**سپۆنسەرەکانم خەڵکی ئێرەن و دیارە شتێکیان بینیوە و پێیانخۆشە کچێکی کورد سەرکەوتوو بێت و بەردەوام بێت لە گۆرانی وتن و کاری هونەری خۆیدا**